# فاتیحایەك بۆ نیوەی كۆمەڵ

## بناری مام خاڵۆ

جارێكی تریش پیاو لەسەر چارەنووسی ئافرەت بڕیار دەدات و دەڵێت ئافرەت بە تەنها ناتوانێت سەفەر بكات، ئەمەش شتێكی زۆر ئاساییە چونكە ئافرەت تا ئەمە حاڵی بێت و تەنها لەرێژەو رێژەكاری بە خەم بێت، لەوە زیاتری بەرناكەوێت. ئەوەی دڵم خۆش دەكات ئەوەیە كە ئەم بڕیارەی سەفەر نەكردنی ئافرەت, ئافرەتە وەزیرو ئەندام پەرلەمان و رۆشنبیرو بەڕێوەبەری رێكخراوە حزبی و حكومییەكانیش بگرێتەوە. ئەمە زۆر دڵم خۆش دەكات بۆ ئەوەی چیتر خۆیان بە كۆڕو سیمینارو كورسی بەرزەوە، خەریك نەكەن و تۆزێك بەجدی بیر لەماڵ وێرانی ئافرەت بكەنەوە. با هەست بكەن دانانی رێكخراوێك كە چەند فلسێكی لێ دەخۆن یان دڵی حزبەكەیانی پێ رازی دەكەن بەس نییە بۆ ئەوەی مافەكانیان بپارێزن, با تەنها جارێكیش بووە بە دروستی بیر لە مافە رەواكانیان بكەنەوە..

ئافرەت لە كۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە كاڵای دەستی باوكسالاری، بۆیە لە هەموو مافێكی بێبەش كراوە، باوك و برا بە ئارەزووی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و كە دەچێتە ماڵە مێردیش، زۆر جار سووكایەتی پێدەكرێت و لێی دەدرێت و جگە لە هاوسەرەكەی، كەسوكاری مێردەكەشی بەردەبنە گیانی و گەڵێكجار جنێوبارانی دەكەن .ئەو ئافرەتانەی لە نێو كۆمەڵگەی كوردی و لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا دەردەكەون لە پەنجەكانی دەست تێناپەڕن، چەند رێكخراوەیەكی ژنان و ئافرەتان بە بەرەكەتی حزبەكانیان دامەزراون، بەڵام هەرگیز وەكو پێویست نەیانتوانیوە كارێك بكەن كە پەرلەمان و سەرچاوەكانی یاسادانانی ئەم وڵاتە وەك مرۆڤ لە ئافرەت بڕوانن و حیسابی پیاوی بۆ بكەن، بۆیە بەردەوام پیاو خۆی بەسەردا فەرز دەكات و تەنانەت لە سەفەركردن و بینینی وڵاتانی دەرەوەش، بێبەش دەكرێت. كاتێك یاسای وڵاتێك بە هۆی بنەمایەكی ئایینی و پیاوسالارەوە بەمجۆرە مافی ئافرەتان پێشێل دەكات، ئاخۆ دەبێت ژن بە چ پێگەیەكی لەم وڵاتە دڵخۆش بێت؟!

ژنانی ئێمە خەونەكانیان لەدەست داوە، بڕیارێكی ئاوا كە ئافرەت لە سەفەر كردنیش بێبەش بكات، لە هەموو رێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتییدا ئیدانە دەكرێت، بەڵام ئافرەتانی كوردستان بە زۆرینە چەپڵەی بۆ لێدەدەن!! ئایا ئەم كۆت و كۆسپە زەقە، كێ دەیخاتە بەردەم ئافرەتی كورد؟ ئایا ژنانی كورد خۆیان بەرامبەر بە چارەنووسی شوومی خۆیان بەرپرسیار نین؟ كوا دەنگی ژنانی پەرلەمانتار؟؟؟ كوا دەنگی سەرۆك رێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان و خانمان و ...هتد؟؟ ئەو حوكمانەی دەر هەق بە ژن دەدرێن و ئەو بڕیارانەی لە دژی بەرژەوەندی ئافرەتاندایە، كێ رەتی دەكاتەوە و كێ لە بەرامبەریدا دەوەستێ؟ كوا نەعرەتەی ئەو ژنانەی فیشەكیان بە دوژمنەوە دەنا و شان بەشانی پیاوان لە خەباتی رزگاریخوازی كوردا بەشدا بوون؟؟ ئەی دەنگی ئەو وەزیرو ئەندام پەرلەمانە ئافرەتانەی عێراق بۆ كوێ چوو بە عەرەب و كوردەوە؟؟ ئەی ئەو هەموو رێكخراوانەی ئافرەتان لە باشوورو ناوەڕاست چی بەسەر هات كوا دەنگیان؟؟؟ ئایا ئەوانە تەنها بۆ دەست بەرزكردنەوەو بەڵێی بەرامبەر پیاو لە بڕی كورسییەك و كەمێك پارە، مافە ئینسانییەكانی خۆیان و هاوڕەگەزەكانیان دۆڕاندووە؟ چۆن بەو شێوەیەو بە سووك و ئاسانی ئەم بڕیارە پەسەند كرا, بۆ خەویان لێ كەوتووە؟؟ مەگەر نازانن ئەمە مافی ئافرەتەو پێشێل دەكرێت.. ئەمە زوڵمەو لە ئافرەت دەكرێت؟ !!تاكەی هەر لە پشت مایكەكانی كۆڕو سمینارەكاندا هاوار بكەین " ئێمە نیوەی كۆمەڵین و دایكی نیوەكەی تریشین؟؟ ئەی كوا مافەكانی ئەم نیوەی كۆمەڵە؟؟ ئەو ئافرەتانەی سەفەریان بۆ ناو مانگ كرد، ئیزنیان لەكێ وەرگرت؟؟ ئێمە ناتوانین ببینە زمان حاڵی خۆمان, بۆیە دەبێت فاتیحایەك بخوێنین بۆ نیوەی كۆمەڵ و دایكی نیوەكەی تریش..